

## ئەو نامانەی لە هەوری ئەنفالەوە داباریـن

### ئەو نامانەی بە کەس ناگەن

1

بە بۆنی باران دەینووسیت،
لە تاڤگەی گڕدا دەیکەیتە نوشتە و بە باڵی سپیی
هەوری دەسپێریت ..
" *پزیسکێ لە هومێد بنێرە،*
*تا چرای دڵم داگیرسێ،*
*چاوەکانی چاوەڕوانی ڕوون ببنەوە "!*

2

بە زمانی تەرزە دەینووسێت ..
نە گەڵا لێی حاڵیی دەبێ
نە گوڵ دەتوانێ راڤەی کات،
خۆر نایهێنێ و گیرفانەکانی مانگ خاڵیی،
دەستەکانی سەبا لەرزۆک
لە خەوندا دەیخوێنییەوە...

"هروژمی شەتاوی خوێنە لە لوتکەوە،
هاکا پێدەشتی پێخوست کردا!
لاقەکانم بە ڕەنگی ترس و دوودڵی،
دڵەڕاوکێ باڵی دڵمی تەنیوە،
مژێکی مۆر بۆتە تارای بینینم..
نە تیشکێ دێت و رۆحی دەیجوورم نوورپرژێن بکات،
نە رووبارێکیش دەبێتە پەرژین
بۆ ئاگربڕی خەرمانی عومرم،
جەستەم دەسووتێ و تاریکییش
تک تک
دەتکێتە گیانم،
لە خەراباتی ماڵی زەینمدا،
ڕووخسارێک نییە پێی ئاشنا بم .
لە دواهەورازی سەفەری شەوی لەخۆگەڕانما،
چریسکەی هومێد چۆڕایە چاڵی ڕەشبینی و پوچیی .
بزنەڕێیەک بوو ڕێبازی ئەشق،
پێچامیە ماهێک هەزاربەهەزار،

نەگەیشتمە زنار،
تا بتوێمەوە و
دەمەوبەیانێک لە نێو نیگاتا
ببم بە گزنگ،
یان ئێوارانێک بە زەردەپەڕ و
بەسەر باڵاتا بە خوڕ ببارم .
تۆ مەترسێ و بفڕە لەپێ ئەستێرەیەک،
با لە وەرزی پێچانەوەی بەهاری ئەم بنارەدا،
لە بڵێسەی نواڵێکدا نەبیە قەقنەس !
با لە دڵەڕاوکێی شاردا مرواریی دڵت نەڕووشێت،
بۆ چاوانی چۆڕەبڕبووی لەتەشاخێک
نەبیتە زەنگیانەی فرمێسک.
زریانی لم لە زمانی ئەشق ناگات،
با لە زمانەی کڵپەیدا نەتوێیتەوە."

3

لەسەر لێوی کەنار بە زمانی زووخاو دەینووسیت،
بە دەزووی ئاخ دەیپێچیت و شەپۆل دەیبا..
"خەونێ بوو ئەستێرە، فڕینیش نەیگەیشتێ .
نیشتنەوە، پایزەبارانی مەرگێکە،
ئێواران هەرزاڵەی ئارەزووم تەڕ دەکا.
**با**یەکە نیشتنەوە..
لە سارای بێسروەی خۆزگەدا،
ئەم شڕەتاوڵی داڵدەیەم دەڕفێنێ.
چناری دەم ڕۆخی چۆمێکم،
ڕیشکم لە ڕیشەی قوڵایی ئاڵاوە و
سەرتەرزم دەلەرزێ .
لە وەرزی زریان و ڕەهێڵەی شمشێر و
هەرەسی مێژوودا دەترسێم .
لە وادەی ناوادەی سەفەر و
لە سەمای بەلەمی سەرپەنجەی
شەپۆلی سەرشێت و بێئەزموون دەترسێم؛
دەترسێم بمبەن و لە نێوان مردن و ژیاندا بمنێژن ...
نەهێڵن نە پەلکی شەوبۆیەک بکەمە میحرابی هەناسە و
نە ڕەنگی پاییزیش بپۆشم ."

4

بە ڕەنگی مەرگ، لەسەر سنگی قرچاوی لم دەینووسیت و
سێبەری گیانکێشان دەیڕفێنێ ..
"   ئەمشەو، جەستەی تەزیوی بیابان، گەرمیی هەموو دەنگەکان دەخواتەوە،
ئەمشەو، هەموو شتەکان لە کۆتاییەکانی بووندا، ون دەبن..
هەموو پیرۆزییەکانی من و تۆش ."

5

به خوێنی شمشێر، له بنی پۆستاڵ دەنووسرێت،
دەبێته ***عار*** به نێوچاوی بیابانەوه و لافاوی نوح نایسڕێتەوه..
"ئەمشەو لەژێر ئاسمانی بێئەستێرەدا، ***سەگەکانـ***مان به مێژوو سپاردن ..
نمەبارانێکیش نەباری ."

**پشکۆ نەجمەدین**